بە بەزەییەکان خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات

لە عبدالله کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «بە بەزەییەکان خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات، بەڕەحم بن لەگەڵ نیشتەجێبووانی سەر زەوی ؛ ئەو زاتەی لە سەرووی ئاسمانەکانە ڕەحمتان پێدەکات».

[سەحیح - ڕاست)] [(أبو داود والترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئەوانەی ڕەحم وبەزەییان بەرانبەر خەڵکی هەیە؛ خوای میهرەبان ڕەحمیان پێدەکات بەڕەحمەتی خۆی کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە، پاداشت هاوشێوەی کردەوەیە. پاشان پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکرد بە بەڕەحم وبەزەیی بوون بەرامبەر بەهەموو ئەوانەی لەسەر زەوین لە مرۆڤ وئاژەڵ وباڵندە وجۆرەکانی تری زیندەوەر، و لەپاداشتی ئەم کردەوەیە خوای میهرەبان لەسەرووی ئاسمانەکانەوە ؛ ڕەحمیان پێدەکات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8289